www.kurdistannet.org
26-5-2003 1:54

به ناوی کوردستانی گەوره !

# مامۆستای بێخەڵات و بەرات

تاران -ح. س. سۆران
soran909@hotmail. com

هەموومان دەزانین، کە مامۆستا ( موعەللیم) هەمیشە و لە هەر جێگەیەک ڕێزی لێ دەگیرێ و بە وشەگەلی جوان، وەک جێنشینی پێغەمبەران، فریشتەی نەجات و .... نازناوی پێدەدرێ، لە گەڕەکی تایبەتی ماڵی بۆ دروست دەکرێ و زۆر شتی وا.

**بەڵام بە داخەوە مامۆستای زمانی کوردی** ( ئەگەر موورم محەممەدی شەریف، زمانم لاڵ روخسەتیشی بدەنی بە زمانی کوردی وانە بڵێ) ، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بێجگە لەوەی کە لە تەواوی ئەو شتانەی سەرەوە بێبەشە، تازە دەبێ بەبێ مووچەو بەراتیش کار بکا و بڕێک منەتیش بکێشێ، چون لە لایەن دەوڵەتەو، هیچ شتیک بۆ ئەو مامۆستایانە، لە بەرچاو نەگیرراوە - جا مەگەر قوتابی یا خوێندکارەکان، بۆخۆیان یارمەتیەکیان بکەن، کە ئەوەش لەبەر بارودۆخی نالەباری ئابووری ئێستا لەم هەرێمە، زۆر لە زەین دوورە و ئەگەر قوتابی یا خوێندکار، لە دەمی خۆی بگرێتەوە و شتێکیش بدا بە مامۆستا، زۆر شتێکی کەم و بێ بایەخە.

لەم ڕێبازەشدا، دو چەشنە مامۆستا هەیە:

١- ئەوانەی کەبە ویستی خۆیان، هەر بە خۆڕایی وانەی کوردی دەڵێنەوە.

٢- ئەوانەی کە دەیانەوێ بە خۆڕایی ئیش بکەن، بەڵام لە بەر کۆسپی ئابووری ناتوانن.

بێجگە لەمە، دەبێ مامۆستا یا قوتابی و خوێندکار، تەواوی پارەی فۆتۆکۆپی، هاتوچۆ و ئەو شتانەش لە گیرفانی خۆیان بدەن.

هەر لە بەر ئەمە، لە روژهەڵاتی کوردستان، ناوی مامۆستای زمانی کوردیان ناوە مامۆستای بیخەڵات و بەرات و تاجی سەری ...

جا ئەمە لە لایەکەوە و لە لایەکی دیکەشەوە، ڕەنگە مامۆستای زمانی کوردی رۆژێک لە رۆژان، لە باتی مووچە، ماڵ، ماشێن و شتی دیکە، لێشی مۆڕ ببنەوە و تەنانەت نوقورچکیشی لێبگرن - بۆیە دەڵێن کورد هەمو شتێکی لەگەڵ خەڵک تۆفیری سەرەوخاوری هەیە !

ئایا بەم چەشنە چۆن دەتوانین کارێکی وا بکەین زمانی کوردی، لەگەڵ زمانەکانی دیکە هاوشەقاو بێ ؟.

## وەڵام چیە ؟؟؟.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیر و بۆ چونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت